# بزوتنەوەی ریفراندۆم و ئیمزاکان و نەتەوەیەکگرتووەکان!!!!

## هیشام ئاکرەیی

لەدوای چاوپێکەوتن و تەسلیمکردنی (1.7 ) مەلیون ئیمزای ئیکسپایەری جەماوەری بەشەرەفی کوردستان بە فەرمانبەرێکی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەڵسورێنەرانی بزوتنەوەی ریفراندۆم شانازی بەو کارەوە دەکەن و پێیان وایە کارێکی نایاب و گرنگیان ئەنجامداوە و دەیانەوێت پێشانی خاوەنی ئیمزاکان بدەن کەوا کارێکی باشیان بەو ئیمزاکانیان کراوە.

زۆربەی کوردانی دەرەوەی ولآت و گەلێ کەسانی ناوەوەی ولآتیش باش دەزانن کەوا چاوپێکەوتن لە گەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان، هونەرێک نییە و کارێکی زۆر ئاسانە و هەموو کەسێک دەتوانێت ئەو کارە بکات. ئەوەی پێویستە تەنیا تەلەفۆنێک و نامەیەکە بۆ فەرمانبەرێکی نەتەوەیەکگرتووەکان نێردراوە و لە رێگای ئەو نامە و تەلەفۆنەوە، کاتێک بۆ چەند کەسانێک تەرخانکراوە و ئیمزاکانییان لە شاندەکەیان وەرگرتووە. هەلبەتە نەتەوەیەکگرتووەکان بە گوێرەی یاسا و قانون کار دەکات و لەژێر رێنوێنی ئەو یاسایە، پێشوازی لە هەر کۆمەڵەیەک یان پارتێک یان هەتتا کەسانێک دەکەن و داواکاریەکانیان لێ وەردەگرن و یادداشتنامەکە رێگای یاسایی خۆیان وەردەگرێ. بزوتنەوەی ریفراندۆم دەیەوێت وا پێشان بدات کە نەتەوەیەکگرتووەکان کارێکی تایبەتی بۆ ئەوانی کردوە، و بەواستە و ناسیاوی ئەو کاتەیان بە نوێنەرانی بزوتنەوەی ریفراندۆمی داوە، وەک بڵێی ئێمە لە کوردستانین و شاندەکە ویستوویەتی چاو بە بەرپرسێکی پارتێکی دەسەڵاتدار بکەوێت.

چەندین کەسانی کورد بەر لە ئێستا بە سەعات چاویان بە فەرمانبەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەوتووە و هەندێکیان هەر باسیشی ناکەن، چونکە ئەو جۆرە کارانە لە ئەوروپا و ئەمریکا زۆر ئاسایین. کاری هەرەگرنگ وەڵامی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ داواکاریەکان نەک وەرگرتن و تەسلیمکردنی نامە و یادداشت. بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کاتی بزردا (وەقت الدائع) ، ئیمزاکانیان هێنایە دەرەوە. تەنیا چەند رۆژێک مابوون ئەو ئیمزایانە ئیکپایەر ببن . ئەگەر بزوتنەوەی ریفراندۆم بەقەد زەرەیەک رێزیان بۆ جەماوەری کوردستان و ئەوانەی ئیمزایان بۆ بزوتنەوەکە کردووە هەبوایە، لە کاتی خۆیدا ئیمزاکانیان دەهێنا دەرەوە و کاریان بۆ مەبەستی ئەو ئیمزایانەیان دەکرد، نەک لە دوای تێپەربوونی زیاد لە 10 مانگ بەسەر ئەو ئیمزایانە.

کاک هەڵکەوت عەبدوالله بەرپرسیاری فعلی ئەو بزوتنەوەیە لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی هۆی پاشکەوتنی ئیمزاکان وتی: "کاکە ئێمە چی بکەین ئەگەر بە چوار مانگ وایەری سکەنەرێک بەدەستمان نەکەوێت" . (سکەنەر ئامیری کۆپیکردنی کاغەزە بۆ ناو کومپیوتەر وپاشان کردنی بە فایل لە سەر سی دی). ئەمەیە پێی دەڵێن عوزر لە قەباحەتەکە گەورەتر.بەرپرسیاری ریفراندۆم پێی وایە گەلی کورد لە گوێی گادا خەوتوون و ئاگایان لە تکنولۆژیا و شارستانی نییە. ئەو وایەرەی کاک هەڵکەوت باسی لێوە دەکات و بووە هۆی دواخستنی ئیمزاکان، لە سوریا و ئێران و تورکیاش هەن نەک تەنیا لە ئەوروپا. وەکوو تر، چۆن بزوتنەوەیەکی خاوەن زیاد لە 50 هەزار ئیمزا لە ئەوروپا و دەیان کۆمیتەی ریفراندۆمی دەرەوەی ولآت، پێیان نەکرا یەک وایەر بۆ کوردستان بنێرن. ئەگەر کاک هەڵکەوت راست دەکات با بڵێت بە کێیان وتووە. بۆ کاک هەڵکەوت و بزوتنەوەی ریفراندۆم ئاگاداری کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتیان نەکردوە تاوەکوو ئەو وایەرە بۆیان بنێرن!!

کەواتە بزوتنەوەی ریفراندۆم نەی ویستووە ئیمزاکان بێننە دەرەوە، نەک نەبوونی وایەر. بۆ پاشان ئەو ئیمزایانە هێنرانە دەرەوە،وەڵامەکەی لای بزوتنەوەی ریفراندۆمە و پەیوەندی بە کۆبۆنەوەی کاک هەڵکەوتەوە هەیە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتی. کەواتە کاک هەڵکەوت خواست ویستی پارتی و

یەکیەتی جێبەجێکردوە. بەواتایەکی تر ئەو کردەوە باشە لە پارتی و یەکیەتییەوە دەرکەوتووە نەک لە هەڵسورێنەرانی بزوتنەوەی ریفراندۆم.

بەرپرسیاران و زۆر کەسی تری لایەنگری ئەو بەرپرسیارانە و ئەوانەی تەنیا دەڵێن (موافق و ڕازین لەسەر هەموو بڕیارێک)، پێیان وایە ئەوانن (1.7) مەلیۆن دەنگیان کۆکۆدۆتەوە، یان دەیانەوێت وادەربێنن کەوا ئەوانن خاوەنی کارەکە و لە بیری خۆیان دەبەنەوە چۆن ئیمزاکانی دەرەوەی وڵات کۆکۆرانەوە و ڕۆڵی ئەوانەی ڕیزەکانی بزوتنەوەکەیان بەجێهێشتووە فەرامۆش دەکەن و لە پشتگوێ دەخەن. هەروەها ئیمزاکانی ناوەوەی وڵاتیش زۆربەی هەرە زۆریان بە پشتگیری و هاندانی پارتی و یەکیەتیی و ڕێکخراوەکانیان ئەنجام درا. کێ پێی دەکرێت قوتابخانە و فەرمانبەرانی حکومەت لە کاتی دەوامی ڕەسمیدا بخاتەکار بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکان، ئەگەر پارتی و یەکیەتی ئاسانکاری و بگرە ئەمریشیان پێ نەدابێت!!!! ئەمانە ڕاستین و پێویست ناکات لە جەماوەری کوردستان بشارێنەوە، چونکە لەپێش چاوەی ئەو جەماوەرە کارەکە ئەنجام دراوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین هیچ ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بەناوی بزوتنەوەی ریفراندۆم نییە، بەلکوو ئەو ڕێکخراوە و بە تایبەت لە دوای کشانەوەی کەسانی سەربەخۆ، وەک بزوتنەوەیەکی ناڕەسمی سەربە پارتی و یەکیتی کار دەکات و ئەو کارەی دەسەڵاتدارانی کورد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانن بکەن، بەم بزوتنەوەیە دەکەن. ئەم هەنگاوەی پارتی و یەکیەتی بۆ دروستکردنی بزوتنەوەی ریفراندۆم لە ڕۆی خەباتی سیاسیی جەماوەرییەوە، هەنگاوێکی مودێرن و شارستانیانەیە و پێویستە بەرپرسیارانی بزوتنەوەی ریفراندۆم واز لە ئینکارکردنی ئەم ڕاستتیە بێنن هەر هیچ نەبێت لە گەڵ جەماوەری کوردستان و با بزانن پەیوەست بوون بە پارتی یەکیەتییەوە تاوان نییە، بەڵام ئینکارکردنی ئەم ڕاستییە تاوانە.

ریفراندۆمێکی سەبەخۆ پێوستە دژی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا ڕابوەستێت، چونکە ئەو بەشداربوونە ئیعترافێکی ڕەسمییە بە عێراقیبوونی کورد و ڕەتکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسینە کە بیرۆکەی ریفرادۆم هەوڵی بۆ دەدات. بەڵام چونکە بزوتنەوەی ریفراندۆم سەبە دەسەڵاتدارنی کوردستانە بۆیە نابێ بە پێچەوانەی بڕیارێکی دەسەڵاتدارنی کوردستان ڕابوەستن.

دەگەڕێمەوە و دەڵێم هێنانی ئیمزاکان بۆ دەرەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان کارێکی زۆر ئاسانە و باوەناکەم کەس دژی ئەم کارەبێت. بۆیە ئەنجامدانی ئەو کارەش بە هەنگاوێکی ئاسایی دادەنرێت و هیچ بوێریەکی تیدا نییە، بەڵام بەدواخستنی ئەو کارە تاوانە. نەبۆنی هەڵوێست دەربارەی کێشەی چارەنووسی کوردستان تاوانە و بۆیە بەردەوام دوبم لە نووسین و ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و بە هیچ شێوەیک ناتوانن بە ڕاکردن لە وڵامدانەوە ڕاستیەکان بشارنەوە.

بەردەوامە..............